# ئاواتمە ئەوەی من لەوێ فێری بووم بە گەنجەکانی وڵاتەکەمی بگەیەنم



**رزگار لەشکری و کامێرای سەرشان پێکهاتەیەکن مێژوویەکی دوورو درێژی پڕ لە خۆشەویستی و قوربانی دانیان پێکەوە هەیە، شاخ و دۆڵ و چیاو ئەشکەوتەکانی کوردستان، گەواهی لە سەر ئەمە دەدەن، (محەمەدی مەلا ئەسعد)ش لە مەزارەکەی خۆیدا ئەشهەدوی بۆ دەکا، بەڵام رزگاریش وەک زۆر لە خەڵکی دیکە رۆژێ لە رۆژان هەگبەی خۆی تێک ناو بەرەو غەریبایەتی هەڵکشا دوای هەشت ساڵان رزگاریش ئەمڕۆکە بە یەکجاری دەگەڕێتەوە کوردستان. لە گەڕانەوەدا لێم پرسی:**

**ئا: رووبار**

*** ئەو هەشت ساڵە لە ئەوروپا چیت کردووە؟**

– من فێری ئەوە نەبووم کە رۆنیشم و چاوەڕوانی قەدەربکەم، بەقەد ئەو هەلومەرجەی رەخساوە کارم کردووە، لە کاتی سەردانەکەی بەڕێز سەرۆکی حکوومەت لە وڵاتانی وەکو بەلجیکا و فەرەنسا وەک وێنەگرێک هاوکاری بووم، لە دەستپێکی دامەزراندنی سەتەلایەتی کوردستان من رۆڵم هەبوو، وەک وێنەگرێک گرنگترین چالاکییە نەتەوەیی و حزبیەکانم لە ئەوروپا تۆمارکردووە.

*** ئەی لە بواری بەرنامە و کلیپ و فیستیڤاڵدا؟**

– لە زۆر بەرنامەدا وێنەگربوومە، لەوانەش بەرنامەی(ئەڤینا وڵات و تاراوگە ) و کلیپ کردنی چەندین گۆرانی و بەشداری بوون لە فیستیڤاڵی رۆژی پەناهەندەکان لە ئەپل دۆرن و چەندین چالاکی دیکە.

*** هاوکاریتان هەبووە لەگەڵ سەتەلایتی کوردستان؟**

– بەڵێ چەندین ریپۆرتاژم بۆ سەتەلایت ئامادەکردووە، جگە لە کلیپ و بەرنامە.

***ئەی لە بواری راگەیاندنی کوردی لە ئەوروپا ؟**

– لە ئەمستردام وەک گروپێکی کوردی بەرهەمی کوردیمان پێشکەش کردووە، جگە لەو دیمانە و مێزگردە کوردیانەی ئەنجاممن داوە.

*** چ ئەزموونێکت پەیداکردووە لەوێ؟**

– لە چەندین خولی تەلەفزیۆنیدا بەشداریم کردووە بۆ تەکنیکی تەلەفزیۆنی و بڕوانامەم لە زۆر لایەنی تەکنیکی تەلەفزیۆنی هەیە

***پرۆژەی ئایندەت؟**

– ئاواتمە ئەوەی من لەوێ فێری بوومە بە گەنجەکانی وڵاتەکەمی بگەیەنم، لە هەمانکاتدا هاوکاربم بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمە تەقلیدیەی ئەمڕۆکە لای ئێمە پیادە دەکرێ.

*** چی بە ئاوات دەخوازی؟**

– دامەزراندنی کۆمپانیاییێکی کلیپ– سەر بەحکوومەت، کە خزمەت بە هونەری کلیپ لە کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش بکات.